# (9)

# گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ئایا هەر بەڕاست ئافرەت لە وێنەی شەیتانە؟

بەڕێزان ئاینی خوای پەروەردگار لەڕێی کتێبە ئاسمانیەکانەوە ئاینێکی نەگۆڕە، ویستیویەتی پێگەی مرۆڤایەتی بەرز بکاتەوە، بەهەموو چین و توێژەکان، لەنێویاندا ئافرەت، بەلام دەبینین لە کتێبە ئاسمانیەکانی بەر لە قورئان بەهۆی دەستکاری کرانیانەوە لەلایەن مرۆڤەکان کۆمەڵێك شتی بێ بنەمایان خراوەتە نێو کە هێنانەخوارێی ئەو پێگەیەی کە خوای پەروەردگار بە ئافرەتی داوە، کۆمەڵێك تۆمەت و قسەی نارەوایان خستۆتە پاڵ ئافرەت، بەلام قورئانی پیرۆز هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردۆتەوە، بەشێوەیەکی ڕێز لێگیراوە باسی ئافرەتی کردووە.

جولەکەکان لە تەوراتی دەستکاری کراودا هەرچی گوناح و خراپە هەیە داویانەتە پاڵ ئافرەت، لە کتێبی موقەددەس و لەتەوراتدا هاتووە کە ئەو درەختەی ئادەم و حەوا خواردیان لەبەهەشت و سەرپێچی خوای گەورەیان کرد بەهۆی حەواوە بووە، گوتوویانە بنچینە و بناغەی گیاندارەکانی سەر زەوی بریتی بووە لە مار، ئەو مارە هاتۆتە لای دایکە حەوا پێی گوتووە: ئێوە میوەکانی نێو بەهەشت ناخۆن؟ دایکە حەواش گوتوویەتی: ئێمە لەهەموو میوەکانی بەهەشت دەخۆین تەنیا میوەی یەك درەخت نەبێ لەناوەڕاستی بەهەشت خوای پەروەردگار لێی قەدەغە کردووین، مارەکە بەدایکە حەوای گوتووە: ئێوە لەو دەرختە بخۆن بەنەمری دەمێننەوە، چاوتان دەبێتەوە هەموو شتەکانی دەورووبەری خۆشتان دەزانن، هانی داوە و توانیویەتی قەناعەت بە دایکە حەوا بهێنێ و لە دەرەختەکە بخوا، ئیتر خواردوویەتی: پاشان قەناعەتی بە ئادەمیش هێناوە ئەمیش بیخوا، دوای ئەوەی ئادەم لەلایەن حەواوە داوای لێ دەکرێ لە دەرەختەکە بخوات، ئەمیش دەیخوات، دواتر بەهۆی خواردنی درەختەکەوە عەورەتیان دەردەخرێ، خوای گەورە بە ئادەمی گوتووە: ئایا لەو درەختەت خوارد کە وەسیەتم کردبوو نەیخۆیت؟ ئەمیش لەوەلامدا بەخوای گەورە دەڵێ: ئەو ئافرەتەی کە تۆ لەگەڵ منت دانا و کردتە هاوبەشی من ئەم وای لێکردم کە بیخۆم!! پاشان ئادەم ڕووی کردۆتە دایکە حەواو لێی پرسیوە چ شتێك وای لێ کردی لەو دەرەختە بخۆیت و پاشان منیشی تووش بکەی؟

حەواش گوتوویەتی: ئەم مارە وای لێ کردم و توشی گوناحی کردم، خوای پەروەردگار لەبری ئەوە بە دایکە حەوا دەڵێ: ئەوا من سزا بۆتۆ دەنێرم، کاتێ کە سکپڕ دەبی دەبێ زۆر ئازار بچێژی، کاتێ کە منداڵەکە دادەنێی بەهەمان شێوە دەبێ ئازار بچێژی، هەروەها پیاوم کرد بەگەورە لەسەر تۆ.

بەڕێزان!

ئەو دێڕانەی سەرەوە لە تەوراتدا هاتووە، بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکە دەکات، هەروەها بەم شێوەیە سەرزەنشتی ئافرەت دەکات، حەوا بەسەرچاوەی ئەنجامدانی گوناهەکەی دادەنێ، بەڵام ئەمە هیچ ڕاستی و هەقیقەتێکی تێدا نییە، هەرگیز نابێ شتێك لە تەوراتدا هاتبێ پێچەوانەی قوڕئان بێ، قوڕئان زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی باسی ڕووداوەکەی کردووە، وەك لەبەشی ڕابردووی کتێبەکە باسمان کررد ئەو ئایەتانەمان هێناوە لەو بارەوە کە چۆن خوای پەوەردگار هەردووکیان بە ئەنجامدانی گوناهەکە تۆمەتبار دەکات، هیچیان بەتەنیا بەبەرپرس دانانێ لە گوناهەکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەك باسمان کرد زیاتری خستۆتە سەر شانی ئادەم نەك حەوا لەبەر ئەوەی دواندنەکانی قوڕئان لەباسی ئەو بەسەرهاتە ئەگەر بە سیغەی تاك هاتبێ ئاڕاستەی ئادەمی کردووە نەك حەوا!

بەهەمان شێوە لە ئینجیلیش حەوا تۆمەتبار کراوە لە ئەنجامدانی سەرپێچییەکە، گومانی تێدا نیە کە لە ئینجیل ڕاستیەکان شێوێندراون ، ئافرەت بە هۆکار دادەنێن، بۆیە دەڵێن: ئەگەر پیاو بیەوێ ڕێگەی خوا پەرستی بگرێتە بەر باشتر وایە خێزان پێك نەهێنێ، بەتەنهایی بمێنێتەوە باشترە، ئەمەش بۆچوونێکە زۆر هەڵە و پووچە، بەڵکو هاوسەرگیری بەشێکە لە دینداری و خوا پەرستی.

سەرەڕای ئەو ئایەتانەی باسمان کرد، لە فەرموودەیەکدا دیسان ئەم بەسەرهاتە ڕوون کراوەتەوە و بەهیچ شێوەیەك ئاماژەیەك نییە بۆ تاوانبار کردنی دایکە حەوا، لە گێڕانەوەکەدا موسا سەلامی خوای لێبێ سەرزەنشتی باوکە ئادەم دەکات و پێی دەڵێ: کە تۆ ئەم سەرپێچیەت کرد و ئێمەت لەبەهەشت دوور خستەوە، باوکە ئادەم وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ: ئەی موسا، ئەی ئەو کەسەی کە خوای پەروەردگار هەڵیبژاردوی و تاکە کەسی کە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ کردووی، تەوراتی پێدای، ئایا تۆ سەرزەنشتم دەکەی لەسەر شتێك کە چل ساڵ بەر لە درووستکردنم خوای گەورە ئەمەی بۆ بڕیار دابووم، دەبووایە ئەمە ڕووبدا و پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار فەرمووی: بەڵگەی ئادەم بەسەر موساوە بوو، واتە: ئەو عوزرەی ئادەم هێنایەوە وەڵامی پڕ بە پێستی ئەو سەرزەنشتە بوو کە موسا ئاڕاستەی کرد(١)، سەلامی خوای گەورە لەهەموو پێغەمبەران، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ڕویداوە ئەندازەگیری خوای پەروەردگار بووە.

---

**1) بەسەرهاتەکە بە لەفزی جیا جیا هاتووە، ئەمە یەکێکە لە گێڕانەوەکان:**

**{لقی آدم موسى فقال موسى أنت آدم الذى خلقك الله بيده وأسكنك جنته وأسجد لك ملائكته ثم فعلت ما فعلت فأخرجت ذريتك من الجنة قال آدم أنت موسى الذى اصطفاك الله برسالاته وكلمك وقربك نجيا قال نعم قال فأنا أقدم أم الذكر قال بل الذكر فحج آدم موسى فحج آدم موسى فحج آدم موسى} أخرجه الطبرانى (160/2، رقم 1663).**

یەکێکی دیکە لەو فەرموودانەی خۆشەویست ﷺ کە دڵنەخۆش و عـەقڵ نەخۆشـان دەیهێننـەوە و بـە حیسابی خۆیان دەیکەنە بەڵگەی ئەوەی گوایە ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت نەگرتووە، ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

**{إِنَّ الْمَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ فَإِذَا أَبْصَرَ أَحَدُكُمْ امْرَأَةً فَلْيَأْتِ أَهْلَهُ فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدُّ مَا فِي نَفْسِهِ}** [2] واتە: ئافرەت کاتێ ڕووت تێ دەکات و کاتێکیش پشتت تێ دەکات لەسەر شێوەی شەیتانە، ئەگەر یەکێ لەئێوە چاوی کەوتە سەر ئافرەتێك با بچێتە لای خێزانەکەی، بـۆ ئـەوەی ئـەوەی لەدڵیدایە بڕەوێتەوە.

بەڕێزان!

ئەمە شتێکی سروشتیە کاتێ پیاو لەناکاو چاوی بکەوێتە سەر ئافرەتێك و ئافرەتەکە سەرنجی ڕابکێشێ و ئارەزووی پیاو بجوڵێ، فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ جار ڕوانین وا لە پیاو دەکات شـەهوەت و ئارەزووی بجوڵێتەوە بەرامبەر بە ئافرەت، لێـرە وێکچـوونەکە مانـای ئـەوە نییـە ئـافرەت بەشـەیتان بچوێنرێ، یان لەسەر شێوەی شەیتان بێ، بەڵکو مەبەست ئەو کاریگەریەیە کە لەسەر دڵی پیاو دروست دەبێ، واتە: ئەگەر ئافرەتێك شتێکی وای کرد سەرنجی پیاو ڕابکێشێ بەجل و بەرگی بێ، بەڕۆشتنی بێ، بە قسە کردنی بێ، ....هتد، ئەمە مانای وایە وەکو شەیتان کاریگـەری لەسـەر پیـاو دادەنـێ، ئەمـە وێکچوواندنە لەڕووی کاریگەریی دروست کردنەوە، نەك لەڕووی شێوە و شکڵ و درووستبوونەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەمە نەك بۆ ئافرەت بۆ هەموو کەسـێك وەك یەکـە، ئەگـەر پیـاویش کـارێکی وای کـرد یەکێکی دیکە تووشی گوناح و تاوان بکات بەهەمان شێوە کاری شەیتانی کردووە.

بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێ: **{إذا صلى أحدُكم إلى شيء يَسْتُرُهُ من الناس فأراد أحدٌ أن يجتازَ بين يديه فَلْيَدْفَعْهُ فإن أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ فإنما هو شيطانٌ}** [3] واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد و شتێکی لەبەردەمی خۆی دانا وەکو سوترە، بۆ ئەوەی کەس بەپێشـی دانەیە، یەکێکیش ویستی بەبەردەمیدا بێ ، با پاڵی نێ و نەهێڵێ بەبەردەمیدا بێ، ئەگەر هەر نکـوڵی کرد و ویستی بەبەردەمتدا تێپەڕێ ئەوا جەنگی لەگەڵ بکە، چونکە ئەوە شەیتانە.

---

**2) أخرجه الترمذى (464/3، رقم 1158)، وقال: صحيح حسن غريب، وابن حبان (384/12، رقم 5572).**

**3) أخرجه أحمد (63/3، رقم 11625)، والبخاري (191/1، رقم 487)، ومسلم (362/1، رقم 505).**

لێره زۆر بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم جۆرە کەسەی بە شەیتان چواندووە، ئەمەش لەبەر چییە؟ لەبەر ئەوەیە هەمان ئەو کارە دەکات کە شەیتان دەیکات ئەویش سەرقاڵ کردنی نوێژخوێنە، واتە: مەبەستەکە ئەوە نییە ئەو کەسە شەیتان بێ، بەڵکو لەو کارەدا لەگەڵ شەیتان هاوبەشە، جا دەفەرمووێ: {فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ} (هو) بۆ نێرە، واتە: ئەو پیاوەی کە بەبەردەمت دادێت شەیتانە!! ئایا ئەمە سوکایەتی دەگەیەنێ بە پیاوان! ئایا مەبەست ئەوەیە پیاوان لەسەر شێوە و شکڵی شەیتانن! بەدڵنیاییەوە نەخێر بەڵکو وەك گوتمان: لەم بابەتەدا لەگەڵ شەیتان هاوبەشن، کە تێکدانی نوێژی نوێژخوێنانە.